لەپارێزگایەکی عێراق قەدەغەی هاتووچۆ راگەیەندرا

فەرماندەیی پۆلیسی پارێزگای میسان، ئەمڕۆ چوارشەممە، سپاندنی قەدەغەی هاتووچۆی لە کاتژمێر ١١ی شەوەوە تا ٦ی بەیانی ڕاگەیاند.

فەرماندەییەکە لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە: "بە فەرمان و ڕاسپاردەی فەرماندەیی ئەپەراسیۆنەکانی میسان، بەیاردرا قەدەغەی هاتووچۆ لە کاتژمێر ٢٣:٠٠ (١١ی شەو)ـەوە تا کاتژمێر ٠٦:٠٠ (٦ی بەیانی)ی ڕۆژی دواتر لە سەرجەم پارێزگاکەدا بسپێنرێت". ئاماژەی بەوەشکرد: "قەدەغەکە هاوڵاتیان و ئوتومبێلیش دەگرێتەوە، تەنها هێزە ئەمنییەکان و حاڵەتە لەناکاوەکان نەبێت".